# خەیاڵی زیندوو



## فریشتە

وامدەزانی لەبیرم کردووی بۆیە هەڵسام هەموو نامەکانتم کۆکردەوە و ئاگرم تێبەردان وام دەزانی لەبیرم کردووی و گوێچکەکانم ئاوازی دەنگی تۆیان بیرچووەتەوە و لەیاد نەماوە هاوار، ئاخ، چەند خۆشەویستی بێ ئەوەی بزانی چەند خۆشم ویستی، چەندین جار خۆم خستووەتە ناو گەردەلوولی ژیان و مەینەت و دەردەسەریەکان چەندین جار بەرنامەی ژیانی خۆمم تێکداوە لە پێناوی تۆ چەندین جار بە گاڵتە و بە درۆ باسی جۆراوجۆرم بۆ کردووی هەمووی هەر لە پێناوی تۆ ئێنجا بەرەو گاڵتە و درۆی گەورەتر.

هەر لە منالییەوە ئاواتێکم هەبوو زۆر لە دوورەوە دیار بوو چاوم تێی بڕیبوو،بەڵام ئەنجام دیار نەبوو، تۆ هاتی منت لە خەوی ناو دەریای خەیاڵ بەئاگا هێناو هاتمەوە کەناری ژیان.

هەر وامزانی تۆم لەیاد کردووە لەگەڵ تێپەڕینی تەمەن هەر وامزانی وێنەو شێوەتم لەیاد کردووە، بەڵام لەپڕ، کە دێڕەشیعرێ لە دەرگای گوێچکەکانمی دا و خۆی کرد بەدڵ و ناخما ئەو دێڕە شیعرەی، کە بە دەنگێکی بەجۆش پڕ لە سۆز و خۆشەویستی دەخوێندرایەوە، کە ئەویش دەنگی تۆ بوو دەنگت زەنگێ بوو وێنە و شێوەت و یادگارییەکان و هەموو سات و کاتەکانی لەبەر چاوما ئامادەکرد و هەموویانم وەک خۆی هاتەوە یاد ئای، کە گەشامەوە، کە دڵخۆش بووم ئای، کە هەستم بە خۆشی ژیان کرد- لەو ڕۆژەوە زانیم، کە چەند تۆم خۆش ویستووەو خۆشم دەوێیی لەو کاتەدا کەوتمە ناو دەریای خەیاڵی پڕ شەپۆل بەدەیان، بەڵکو بەسەدان پرسیارم لە خۆم دەپرسی و هەر پرسیارەو بە جۆرێک وەڵامم دەدایەوە ئای لەم هۆڵە بێ دەنگەو لەم تاقیکردنەوە قورسە بە پێنووسی خەیاڵی خۆم وێنەی کچێکی جوانم کێشا، کە چاوەنەترس و بوێرانە و بەبێ گوێدان بەگرفت و هەڵدێرەکانی ژیان بەخۆشەویستەکەی دەڵێ بۆ ئەوەی فەرامۆش نەکرێیت وەک دارێکی گەورە دەبم بەباخەوانت بە خۆرت بە ئاوت (خۆشم دەوێی) وشەیەکە لێوەکانم بە بێدەنگی دەریبڕیوە و دڵ و هەستیش بە بێدەنگی دەریدەبڕێ وابزانم کاتی ئەوەش هاتووە پڕ بەگەروووم دەریببڕم تاکو ببێ بەجوانترین شیعر و بەسۆزترین گۆرانی بۆ ئەو دڵانەی، کە تیشک بەدڵان دەبەخشن و ئاوەدانی دەکەنەوە تاکو ئەم شیعرە ببێت بە سروودی وڵاتی سۆزستان و هەموو بەیانییەک بەسۆزەوە لە هەموو سووچێکی ئەم وڵاتە لێبدرێ و گوڵ گەشەی پێبکات و بولبول چریکەی پێ جوانتر و بە جۆشترو خۆشتر بێت و خۆری مرۆڤایەتیشی زیاتر پێ بدرەوشێتەوە.